خەونە ئاڵۆسکاوەکان

ئەمین محەمەد

بیرتە کاتێ
کە بە چیلکەی لێوەکانم
لە سەر وردە ملی سنگت
مێتووی ماچم ئەنووسی یەوە؟!
تۆش بە چریە
لە ئامێزما یەرە .. یەرە
چیرۆکی ئاوێتەبوونی
ڕووح و جەستەت ئەخوێندەوە
ئەوساتانە ...
نیگات وەک هێڵی ئیستیوا
لەکەمەری دڵم ئاڵا
بۆیە ئێستا ...
باڵام بووە بە کێشوەرێکی وێرانە و
خاکی سووتاو
دە سەیرکە
تا چاوی ڕووانین بڕئەکات
نیشتمانی غوربەتی یە و
یەکە ... یەکە
وەرزەکانی هەڵوەر یووە
سەرابێکە ...
عەشقی تێدا سموز نابێ و
پڕ .. پڕ بووە
لە وردەخەونی ئاڵۆسکاو

ئابی ٢٠٠٥

چەند چوارینەیەك

بەکر پشدەری

ویژدان

بـەخـەیاڵ هەردەم پێنج و شەش ئەکەم
ڕووی هەندێك سپی و هەندێك ڕەش ئەکەم
خـاك پـەرست سـپی بەرووداا ئەبڕم...!
خـۆفـڕۆش ڕەشـی لـێ دابەش ئەکەم

دیل

تۆ وەرە سەیری ناو دەروونم کە
ئالودەی عەشق و هاتووچونم کە
ئەگەر دەروونم دیلی خاك نەبوو
تف لە تەوێلی ڕۆژی بوونم کە!

سەرکێش

ئەم هەموو خەڵکەی وا دێن و ئەڕۆن
کوشتە و ئالوودەی چەند شەڕە پەڕۆن!
نـازانـن پاشای جیهان .. کە ویستی
سەرکێش و سوك و سپڵە و سەرەڕۆن

ماندوو

ئەسپێکم بزمار بە پەطا چووە
چاوم پڕخوێن و لەشم ماندووە
نالبەندم کوێر و بێ دین و شێتە
خاوەنم گورگی سووری سەگ ڕووە!

بووکی شیعر

ئاوات کامیل

شاجوانی ... بێ ئەندازە
چاوی شیعر لە ئاستی جوانیت شەرمنە
لە پێشانگای "مارکۆ"[1] دا ... ئەتبینم
بە هاندێکەوە ، بە نازەوە ... تێم ئەڕوانی !!
لوتەوانەی ئالتوونی ، ئەو دەم و لێوە پڕ سووراوە ...
یا ئەو چاوە ڕەشە جوانە ...
یا ئەو قژە زەردەخاوە ....
پەپولەی ماچی شیعری منە!!
کە گوێم لە زەنگی مۆبایلەکەت ئەبێ
جەستەم ئەبێتە ... دنیایەك چاو...
بۆت ئەگەڕێم .... لەهەر کوێ بی
لەهەر کوێ بم!
لەگەڵ هەر چرکەیەکی زەنگی مۆبایلەکەت!
دڵی منیش ایئەدات بۆت
کە زەنگی مۆبایلەکەت ئەوەستێ
دڵی منیش لە لێدان ئەکەوێ!
نامەیەکم بە ئەشکی فرمێسکەکانت بۆ بێرە
با تۆش وەکو بەفر....
بەسەر عیشقی ئەبەدیما بێیتە خواری!

(١) مارکۆ : پێشانگای مۆبایلە لەسەر شەقامی مەولەوی.

وووووك بۆ گەسك شاکیر

خوشکە خاکی

بێ کەس تۆ ئەتوت خەیاڵتان خاوە
بەراتی نەجات بە خۆین نووسراوە
هەر نەهاتە دی ئەمڕۆ دەستی بڕد
ئـەو ئـازادیـیەی کە بـاست دەکرد
هـی وامـان تـیایە ورگی دڕاوە
لـە ناو پارەدا نوقمە، خنکاوە
هی واشمان تیایە ماڵ چوو بە تاڵان
کـۆنە ئـەفرۆشێ لە کووچەو کۆڵان
کـوردسـتان پـڕە لـە ڕووتی هـەژار
ڕاستە ساڵ بە ساڵ سەد خۆزگەم بە پار
ئـێستاش وەك ئەوسا زانین زیللەتە
هیچ سوودی نییە بۆ ئەم میللەتە
هـەر ئەندازیارە و وازی هێناوە
بۆ کاری سەربەست قۆڵی تێناوە
مامۆستاش ئێستا زۆر بەش خوراوە
تـەنها ناوەکەی وەکو خۆی ماوە
ڕەنجی شـەهـیـدەی تـاقمێ ئەمیا
ڕاستە گا کردی بەڵام کەر ئەمێخوا
کاکە بێ کەس گیان دەردمان گرانە
نـاچارین پـشـتمان دا بە بێگانە
بـەسـکی تـێر و بـە سکێ بڕسین
کاکە فایەق گیان ئێمە بێ کەسین
ئـەو ئازادیەی خەوت بۆ دیوە
نەهاتۆتە دی، منیش نەمدیوە

شاعیرێك خۆشی ئەوێی

نزار ناشاد

وەك پەیکەرێك لەبەردەمتام
وەك نەمامێك لەسەر ڕێگات
تا کەی سێبەری عەشقی من
بۆت نەبێتە کەپر و سابات

من کوڕێکی پڕ لە ڕەنگ و
مسافیری ڕێگای هەستم
مەترسە لە خۆشەویستیم
دەستت بخەرە ناو دەستم

بە مانگ و لە ئاسمانا
بۆم دەرکەوە هەموو شەوێ
لەمە زیاتر چیت گەرەکە
کە شاعیرێك تۆی خۆش ئەوێ